# کۆنفرانسی شانۆکارانی کورد لە ئەوروپا

**رابووردوو، ئێستا و داهاتووی شانۆ لە کوردستان و دەرەوەی وڵات و ئەرکی شانۆکاران**

باس و لێدوان و لێکۆڵینەوە بۆ دیاری کردنی گرفتەکانی شانۆ و ناسینی ئیمکان و دۆزینەوەی ڕێگاچارەکان خەم و پرسیاری هەموو ئەندامانی بنەماڵەی شانۆی کوردە لە ناو و دەرەوی وڵات.
برەو دان بە شانۆ لە نێو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا و دەوڵەمەند کردنی کولتورەکەمان لە ڕێگای بەهادان بە هونەری شانۆوە، پێویستی بە پلان و پرۆژەی هەمەلایەن هەیە کە دەبێ شانۆکار و دەزگاکانی بەرپرسیار لە دارشتنیدا بەشدار بن.
شانۆکارانی کورد لە دەرەوەی وڵات کە هەر کام خاوەنی ئەزموون و شارەزایی خۆیانن، دەتوانن هاوئاهەنگ لە گەڵ شانۆکاران و دەزگاکانی شانۆی ناو کوردستان دەوری تایبەت بۆ چارەسەری گرفتەکانی شانۆی کوردستان و دەوڵەمەندکردنی شانۆ بگێڕن.
ئامانجی کۆنفراسی شانۆکارانی کورد لە ئەوروپا گفتو گۆ کردن و کارکردنە بۆ هەڵگرتنی هەنگاوی بە سوود بۆ شانۆی کورد لە ناو وڵات و دەرەوە، هەروەها دروست کردنی پردێک لە نێوان شانۆکاران و دەزگاکانی شانۆی کوردستان و شانۆکارانی دەرەوەی وڵات بۆ بە هێزکردنی پەیوەندی و کەڵک وەرگرتن لە زانست و تەکنیک و پێشکەوتنەکانی شانۆ لە ئەوروپا، بۆ پێش خستنی شانۆی وڵاتەکەمان و لە هەمان کاتدا کارئاسانی کردن بۆ نیشان دانی فەرهەنگ و شارستانیەتی کورد لە ڕێگای شانۆوە لە ئەوروپا.
.دەرگای کۆنفرانسی شانۆکارانی کورد لە ئەوروپا بۆ هەموو شانۆکارێکی کورد و دەزگاکانی شانۆ لە کوردستان و دەروەی وڵات ئاواڵەیە و پێشوازی لە هەموو بیروبۆچوون و بابەتێک بۆ دەوڵەمەندکردنی گفت وگۆکان و دیاریکردنی ڕێگاچارەکان دەکرێ.
هەموو ئەو کەسانەی کە خوازیاری بەشداری کردن لەو کۆنفرانسەدان، دەتوانن پێوەندی بەو ژمارە تەلەفون و ئی مەیلانەوە بکەن کە لە خوارەوە هاتووە.

**ڕۆژانی کۆنفرانس:** 27 و 28 ی ئۆکتۆبەری 2006

**شوێنی کۆنفرانس شاری مونیخ:**



گاستایگ GASTEIG
Rosenheimerstrase,5
81667 München
Vortragssaal-0117



**تکایە بۆزانیاری زیاتر پەیوەندی بەم شانۆکارانەی خوارەوە بکەن :**

سوئید: کاک دانا ڕەئوف.................0046736237063
فەرەنسا: کاک شوان جافەر. ............0033680737368
بەلچیک: کاک مستەفاشەریف .............003216205125
ئەڵمان کاک هاوڕێ زەنگەنە 004989 43539935
ئادرەسی ئی مەیل: hawrezangana@gmx.de و e.farshy@arcor.de

**ڕێکخەری کۆنفرانس:** کۆمەڵێک شانۆکاری کورد بە هاوکاری گۆڤاری زانستی شانۆ- ئەڵمان